# ناوسکبینی




## هەتوان

خانمەکەم،خاتوونەکەم

ئەڵێی ئەم ناوسک بینی یە کتومت بۆ تۆ داهێنراوە ، جا شووکردوو بیت یان بێ شوو.

١.بە زوویی و بە وردی دەستنیشانی هۆی سک ئێشەکەت ئەکرێت ، ئەگەری تەقینی ریخۆڵەکوێرە و پۆرگی هێلکەدان هێجگار کەم ئەبێتەوە ، کە ئەشێت هۆیەکی راستەوخۆی نەزۆکی بێت .

٢.شوێن برینەکان هێندە بچوک و نادیارن ، کە شێوەی سکت نەشێوێت ، وەک لە نەشتەرگەری ئاساییدا لەوانەیە ، بە ناچاری رووبدات.

٣.پاش شووکردنت ناشێت کە شوێن ناوسک بینییەکە ، لە گەڵ سکوزادا ، هەڵبتەقێتەوە و ببێتە گەدەپۆس وەک لە نەشتەرگەری ئاساییدا رووئەدات.

٤.مافی خۆتە وەک هەر مرۆڤێکی تر بە دوای رێگەچارەسەرێکی ئاسانتر و بێ ماک و چاکتری وەک ناوسک بیندا بگەرێیت.

## ریخۆڵەکوێرە

سەرکەوتنی ناوسک بین لە  لابردنی زراودا :سەراپا تێنواڕینی نەشتەرگەری بۆ نەخۆشییەکانی ناو سک گۆڕی. لەو کاتەوە  (کورت سێم SEMM KURT ) ، لە ساڵی ١٩٨٣ دا یەکەم نەشتەرگەری ریخۆڵەکوێرەی بە ناوسک بین کرد: ئەم ئامێرە پترویپتر بۆ لابردنی ریخۆڵەکوێرە بەکاردێت.

جگە لەوەی ئەتوانیت زۆر بە وردی خۆی سک ئێشەکە دەستنیشان بکەیت ، بە هەمان شێوە ، هەر لەو ساتەدا چارەسەری تەواوی بۆ ئەکرێت و بە ئاسانی لائەبرێت.

ریخۆڵەکوێرە بڵاوترین نەخۆشییە کە نەشتەرگەری بوێت، بەڵام هەندێکجار دەستنیشانکردنی ئاسان نییە و بگرە ستەمە.



چ کاتێک وا باشترە کە بە ناوسک بین نەکرێت؟

١.گەر نەخۆشەکە شێواوی دڵی هەبوو.

٢.گەر نەخۆشەکە دەردەماسولکەی دڵی هەبوو.

٣.گەر نەخۆشەکە پێشتر لە بەشی خوارەوەی سکی نەشتەرگەری بۆ کرابێت.

٤.گەر نەخۆشەکە سکی هەبوو  لە شەش بۆ نۆ مانگیدا بوو.

نەخۆش پێش ناوسک بینی چی بکات؟

١.بەرگەی بەنجی سەراپایی بگرێت.

٢.وا باشترە خۆی بشوات.

٣.بە لای کەمەوە ٤ کاژێر هیچ نەخوات و نەخواتەوە.

٤.نووسراوی پەسەندکردنی نەشتەرگەری و بەنج واژوو بکات.

٥.دەرمانی دژەخۆرە  ( ANTIBIOTIC ) وەربگرێت.

لە کاتی ناوسک بینیدا تاڵمیز(CATHETER URINARY)ی بۆ دائەنرێت. لە رێی سێ بڕینی بچوکەوە  نەشتەرگرییەکەی بۆ ئەکرێت.

باشییەکانی ناەسک بینی:

١. به تەواوی پێش لابردنی دەستنیشان ئەکرێت.

٢. برینەکان بچوک و نەبینراون.

٣. سۆی برینی دەگمەنە.

٤. ئازاری پاش نەشتەرگەری نەمە.

٥. نەخۆش زۆر کەم پێویستی بە مانەوە ئەبێت لە نەخۆشخانە.

٦. زوو چاک ئەبێتەوە.

٧. زوو ئەگەرێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی.



# زراو

کەی زراو بە ناوسک بین لابرێت؟

هەر زراوێک پێویستی بە نەشتەرگەری هەبوو، وا باشترە بەم رێگە چاک و نوێیە، بکرێت.

نەخۆشییە باوەکانی زراو چین؟

نەخۆشییەکان زۆرن، هەرە بڵاوەکان بریتین لە زراوەسۆ، بەردی زراو، تەمەڵی زراو و شێرپەنجەی زراو.

ئایا ئەم نەخۆشییانەی ناومان برد، هەر هەمووی بە ناوسک بین چارەسەر ئەکرێت؟

بێگومان ناوسک بین باشترین رێگە چارەیە بۆ هەر هەمووی.

نەخۆش پێش ناوسک بین چی بکات؟

- له لایەن پزیشنی بەنجەوە ئەپشکنرێت ، تا بزانرێت چەند بی بێوەی بەرگەی جەنجی سەراپایی ئەگرێت، ئایا هیچ نەخۆشییەکی وەک : نەخۆشی دڵ ، شەکرە ، فشاری خوێن یان سستی جگەری هەیە یان نا : کە ئەمانە رێگرن  لە بەنجی سەراپایی.
- ئەزمایشی فرمانی جگەر ی بۆ ئەکرێت ، بە تایبەتی ئەبێت دڵنیا بین کە خوێنی ئاسایی ئەمەیەت.
- ئەبێت لە شەوی پێش ناوسک بینییەکەوە هیچ نەخوات و نەخواتەوە.
- خۆی بشوات.
- دەرمانی دژەسۆی لە شێوەی سێ دەرزیدا ئەدرێتێ: لە پێش و کات و پاش نەشتەرگەرییەکە.
- یەکسەر پێش هاتنە هۆڵی ناوسک بینی ، میز بکات، تا پێویست نەکات ، تاڵمیزی بۆ دابنرێت.

کەی نەخۆش ئەنێردرێتەماڵەوە؟

پاش ئەوەی لە بەنج بە تەواوەتی بێدار ئەبێتەوە ، لە چەند کاژێرێکدا کە ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدابوو : ئەنێرێتە ماڵەوە:

- نیشانە زیندەیی یەکانی ئاسایی و جێگیر بن .
- بتوانێت شلەمەنی بخوانەوە.
- میز بکات.
- ئازاری نەبێت یان وابێت بە جەپلە (حب) نەمێنێت.



ڕێنمایی پاش چوونە دورەوە چین؟

- پاش ٢٤ کاژێر خۆی بشوات.
- هەموو پانسمتنی سەر سکی پاش ٤٨ کاژێر لاببات،
- چی ئەخوات، چەند ئەجوولێت ، کێشە نییە.
- پاش ١٠ رۆژ سەر لە پزیشکەکەی بداتەوە.

# ژنانه



ل لەگەل ئەم هەموو پەرەسەندنەی ناوسک بینی دا، کاتێکی درێژی ویست تا پسپۆرانی ژنانە وزان، بەکاری بهێنن و بێنە گورەپانەکەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ناوسک بین بەرێگەیەکی چارەسەر دانەئەنرا. تا ئەوکاتەی دوو لە ساڵی ۱۹۷۰ دا، ڕاولرِ پاڵمەر و کۆمەڵێک پزیشکی تر، چەندین لێکۆڵینەوەیان بڵاوکردەوە لەسەر ژمارەیەکی زۆر نەخۆش، کە بە هۆی ناوسک بینەوە بۆری هێلکەیان بۆ بەستبوون، وەک ڕێگەیەکی (( نەزوکاندن: CONTRACEPTION ))

جگە لەوەی کە نەخۆشەکە ماوەیەکی زۆر کەم لە نەخۆشخانە ئەمێنێتەوە و نەشتەرگەریەکە بێ وەیە،

- ڤی. گۆمیل GOMEL، لە ساڵی (۱۹۷۰)دا، خولێکی ڕاهێنانی و مەشقی گەورەی لەم بوارەدا لە ( ڤانکۆڤەر، کەنەدا.....تاد) کردەوە بەمە پسپۆرانی ئەم بوارەش هاندران کەبێنە گورەپانەکەوە

لە ساڵی ۱۹۷۲ دا، جۆردن فلیپس – PHILIPS-، کۆمەڵەی ناوسک بینی ئەمەریکی بۆ نەخۆشی ژنانەوزان ( AAGL )ی دامەزراند، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ ناسین

(( ناوسک بین)) و بڵاوی کار پێکردنی

- لە کۆتایی حەفتاکاندا، ( سیم – SEMM ) و هاوکارەکانی،

• ڕاپۆرتیان لەسەر لابردنی هێلکەدان بەناوسک بین و لابردنی بۆری هێلکە و لاپاڵەکانی مناڵدان بە ناوسک بین بڵاوکردەوە.

•م. ئێ. بروهات – BRUHAT لە کۆتایی هەفتاکان دا، (لیزەری – CO۲ )ی بۆ نەشتەرگەری ناوسک بینی لە بۆری هێلکەدا بەکارهێنا.

•هەر ئەم پسپۆرانەی نەخۆشی ژنانەوزان بوون، کە وایان لە نەشتەرگەران کرد

ناوسک بین لەو خانمانەدا بەکاربهێنن، کە گەنجن و ئازاری تیژی ناو سکیان هەیە، تا هۆکەی دەستنیشان بکەن

•گەر لە بابەتەکانی گۆڤارە نەشتەرگەریەکانی جیهان بڕواتین، لە هەشتاکان دا نەشتەرگەر و پسپۆری ژنانەوزان، زۆر لێکۆڵینەوەیان لە سەر کارەکانیان لە بواری ناوسک بینیدا بڵاوکردۆتەوە .

# جیاوازی

# ناوسکبین و سکدڕین

## جیاوازیەکانی نەشتەرگەری ناوسك بین لەکردنەوەی سك

| کردنەوەی سك | ناوسك بـــــین |
| --- | --- |
| گشتی | گشتی |
| لەسەر پشـــت | سەرەو خوار |
| زیانی دیواری ســك زۆرە | زۆر کەم |
| برینێکی (20سم) کە ئەبێت پێست و ماسولەو ماسولکە پۆش ببڕیـــــت. | یەك برینی (1سم)و دوو یان سێ برینی (نیو سم). |
| ڕاکێشانی لێواری برینەکە بۆ بینینی ناوسك. | سك فوو تێئەکرێ. |
| دەسکاریکردنی هەناو زۆرە | زۆر کەمە/ئەمانەی ناوێت. |
| ووشك بوونەوەی شانەکان زۆرە لەبەر کردنەوەی ســـــك | کەمە(سك هەر داخراوە |

## باشییەکانی

1. کەمترین هەڵمژین.
2. کەمترین دەسکاری هەناو.
3. کەمترین فشار لەسەر لەش.
4. زوو سارێژ بوونەوە.
5. کورتی و کەمی ناساغی.
6. ڕێژەی مردن لە نەشتەرگەریەوە زۆر کەم ئەکاتەوە.

# لە شێرپەنجەدا



١.بۆ وەرگرتنی نمونەی شانەیی بە برینێکی بچووک، بە پەشێوەیەکی کەمەوە بۆ نەخۆش.

٢.لە شێرپەنجەدا، هەموو نەخۆشێک کە شێرپەنجەی هەناوێکی ناو سکی هەیە، سوود لە نەشتەرگەری وەرناگرێت، بە تایبەتی ئەگەر تەشەنەی کردبێت بۆ دەورو بەری هەناوەکە یان دوور لە هەناوەکەی گرتبێتەوە.

بە هۆی ناوسک بینەوە؛ ئەتوانین ئەم خاڵانە باس کرا یەک لای بکەینەوە. دەنا زۆر جار ناچار ئەبین سکی نەخۆش بکەینەوە کە بینیمان شێر پەنجەکە تەشەنەی کردووە یان لەقەبارەیەکدایە لا نەبرێت بۆ ئەوەی بتوانین هیچ بۆ نەخۆشەکە بکەین، ئەبێت سک وەک خۆی دابخەینەوە ئەمەش مەترسی ئەوەی تێدایە کە خانەو شانە شێر پەنجەییەکان بگەنە برینەکەو لە برینەکەدا نیشتەجێ بن.

بەڵام کە بەهۆی (ناوسک بین)ەوە، پاش سەیرکردنی ناوسک ئاست و قەبارەی شێرپەنجەکەمان زانی، ئەتوانین پێش نەشتەرگەری لەگەڵ نەخۆش و کەس و کاری نەخۆشدا، باس و خواس لە ئەگەرەکانی چارەسەرو ئەگەری سەرکەوتوویی نەشتەرگەریەکە بکەین.

جگە لەوەی ئەو نەخۆشانە لە نەشتەرگەری ئەپارێزین، کە شێرپەنجەکەیە.

# ئامادەکاری

## پێش نەشتەرگەری:

١.وەرگرتنی مێژوی نەخۆش، پشکنینی وردی نەحۆش.

٢.هەڵسەنگاندنی کێشە تەندروستیەکانی تر، کە نەخۆشەکە هەیبێت.

٣.هەڵسەنگاندنی کۆئەندامی دڵ و سوڕی خوێن و کۆئەندامی هەناسە.

٤.هاوسەنگ کردنی ئاو خوێی لەش.

٥.دەرمانی دژە خۆرە.

٦.نەخۆش پارێزی لە مەینی خوێنی لاقەکان گەر دەستەو یەخەبوو.

٧.هەڵسەنگاندنی کۆئەندامی میز.

٨.پشکنین و ئەزمایشتی پێویست.

٩.پسوڵەی قایل بوون (CONSENT INFORMED

# کەی ئەم نەشتەرگەریە نابێت بکرێت

بە هیچ جۆرێک لەم بارانەی خوارەوە نابێت نەشتەرگەریەکە بە ناوسک بین بکرێت:

١. ئەگەر نەخۆشەکە لە باری خوێنرێژی توند، یان ووشکبونەوەدا بێت.

٢. نەخۆشیە سەختەکانی دڵ.

لەم بارانەی خوارەوەدا باشتر وایە، کە نەشتەرگەریەکە بە ناوسک بین نەکرێت:

١. هەناوپۆشە سۆ PERITONITIS کە هۆکەی نەزانرابێت.

٢. ئەگەر نەخۆشەکە گەدە پۆسی دیواری سکی هەبێت.

٣. ئەگەر نەخۆشەکە گەدە پۆسی ناوپەنچکی هەبێت.

٤. ئەگەر نەخۆشەکە خویًنی نەمەیەت.

٥. ئەگەر نەخۆشەکە ناساغی فشاری خوێنهێنەری دەرکەوانی (HYPERTENSION PORTAL) هەبێت.

٦. ئەگەر چەند نەشتەرگەری تری لە ناو سکدا بۆ کرابێت.

# پاش

# نەشتەرگەری ناوسک بین

١.ئاوو خوێی پێویستی بدرێتێ.

٢.گەر پێویستی بە بۆری میزو لووت بوو، پاش نەشتەرگەری بە زووی لا ئەبرێت.

٣.کەمێک ئازاری پاش نەشتەرگەری دەرمانی سوکی ئازار بڕی ئەوێت.

٤.زووتر لە نەشتەرگەری تر ئەگەڕێتەوە سەر خواردن و خواردنەوە بۆ نمونە پاش لابردنی زراوو ڕیخۆڵە کوێرە، هەر کە هۆش هاتەوە ئەتوانێت شلە بخواتەوە. پاش چەند کاژێری تر ئەتوانێت خواردن بخوات تەنانەت پێش چونە دەرەوەز

٥.هان ئەدرێت زۆر زوو بجولێت و هەناسەی قووڵ هەڵمژێت.

٦.کە کاتی هات ئەنێردرێتەماڵەوە.

٧.کە نێردرایەوە، زانیاری دەرچونی ئەدرێتێ وەک:

-کەی خۆی بشوات

-چەند بجولێت

-کەی تەقەڵەکان لا ببات.